# بافە تاڵبانی پیرۆزبایی سەرکۆتنی قوتابیانی پۆلی دوازدە دەکات

بافە تاڵبانی، سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پیرۆزبایی لە دەرچووانی پۆلی 12ـی ئامادەیی دەکات و لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک نووسیویەتی، لە قووڵایی دەمەوە پیرۆزبایی لە خوێندکارە سەرکەوتووەکانی قۆناغی دوازدەی ئامادەیی دەکەم و هیوای داهاتوویەکی گەشتر و پرشنگدارتریان بە دەخوازم.

بافە تاڵبانی دەشێت: ئەو خوێندکارانەش کە ئەنجامی دەخوازی خەیان بەدەستنەهێنا، دەنیام بە ئومێد و کۆششێکی زیاترەوە لە هەوڵکانیان بەردەوام دەبن و بە ئامانجەکانیان دەگەن.

سوپاس و دەستخۆشی ئاڵاستەی خێزان و کەسوکاری خوێندکاران دەکەم کە هەمیشە لە هەوڵی پێگەیاندنی نەوەیەکی داهێنەردان بە کوردستان، وەکچێن دەسەزی و خۆڕاگریی مامۆستایان و پەروەردەکاران لەیادناکەین کە سەرباری سەختی و ئاستەنگییەکان، ڕۆتی پەروەردە و فێرکردنیان بەرەوپێشبرد و ئەم مژووە پرشنگدارەیان نووسییەوە.

سەرۆکی یەکێتیی نوسیویەتی، لە رابردوودا بەشێوەیەکی کرداری لەخزمەت گەنجان و خوێندکارانی خەشوویستی کوردستاندا بووین، چونکە بەوای تەواومان بەوە هەبووە گەنجان و لاوانمان گەورەترین سەرمایەی نیشتمانن و داهاتووی کوردستان لەدەستی ئەواندایە. ئەستاش دووپاتیدەکەینەوە بە ئەوپەڕی

توانامانۆ هۆی بۆدیهێنانی ژینگەیەکی لێبارتر و گونجاوتر دەدەین تاوەکو پڕ بە تواناکانیان بدەین و خۆنەکانیان بکەن بە راستی.